# چەخماخەی شۆڕشی بەرد

کاتیك کە رژێمی بۆرژوازی بەعس بۆ دەستەمۆکردنی هەلهاتوانی شەرو بزووتنەوەی چەکداری، کەوتە ویرانکردنی دیهاتەکانی شارەزوورو گواستنەوەی وەرزیرانی ناوچەکە بۆ ئۆردوگە زۆرەملییەکان، ترسیکی گەورە خەوی لەدانیشتوانی شاری هەلبجەو دەوروبەری زراندبوو. هەر ئەم ترسەش لەنادیاری سبەینیو لیل بوونی ئاسۆی بزووتنەوەی چەکداری وەك پالپشتیكو، پربوونی جامی بیزاری خەلك لەدەست ملهوریەکانی، رژیم هەرچی زیاتر زەمینە لەبارتر دەبوو بۆ راپەینی جەماوەریو سەرشەقامی. روخساری شار هەلبزرکابوو، توورەیی لە نیوچەوانی خەلکدا شەپۆلی دەخوارد ، وەك خەرمانی دەم داس، بروسکیك بەس بوو بۆ کلپە سەندنی ئاگری توورەیی جەماوەر. کۆمەلیك خۆیندکارو فیتەرو دەستفروش کۆبوبوونەوە تاوەکو بریاریك بدەن. بریاری ئاگادارکردنەوەی جەماوەر درا، کە سبەی بەیانی لە (کانی عاشقان ) لەبەردەم (ناوەندی شارەزووری کوران)کۆدەبینەوەو خۆپیشاندان بەری دەخریت. دۆستو هاوەڵان ئاگادارکرانەوە. وەها هەواله بلاوبوو بووەوە، وەك لەکۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا بریاری لەسەر دراوە. ئەمە مایەی دلخۆشی، چونکە ئامادەیی جەماوەری نیشان دەدا. سیمای شار بەجاریَ گۆرابوو؛ نائومیدیو دەستەپاچەیی جیی خۆی دابوو بە خۆشحالیو وورە بەرزبوونەوە، .رکوکینەی لابەلایی جیی خۆی دابوو بە ریزلیکگرتنیگەرمو گورو نیازپاکی، هەردەتگووت ئەوە کەسەکانی دوینی نین. بەیانی رۆژی دوایی خەلك چستوچلاك لەبری چوون بۆ فیرگەو بازارو سەرکار، دەستە دەستە لاوانی خوینگەرم بەرەو ژوانگەی کانی عاشقان بەری دەکەوتن. دەتووت بۆ شایی دەرۆن هیندە خیرا هەنگاویان دەهاویشت .وەك هەمیشە پیاوەکانی رژیم لەویندەری خۆیان مەڵاس دابوو، لەوانە ووریا ئیناخی و تیوتاکانی (ئاسایشو هەوالگری) پەیتا پەیتا دەهاتنو دەچوون. خەلکەکە هیندە بەئەزموون بوون، بۆماوەی چەند ساتەوەختیك بلاوبوونەوە بەکۆلانەکانداو، بریار درا لەچەند شوینی ترەوە وەك کانی قولکە، شەهیدانو گولانی خوارو پیرموحەمەد لای خۆپیشاندان ریکبخریت. هەرلەگەل چۆلکردنی ژوانگەی کۆبوونەوەکە لە کانی عاشقان( وادیار بوو دەستپیکردنی لە کانی قۆلکە سەری لەپیاوەکانی رژیم شیواندبوو). لەچاوتروکانیکدا سەدان لاوی کارامە کۆبونەوەو بەدروشمی "بروخی

رژیمی بەعسی فاشی" بەرەو ناوشار کەوتنە ری. چەند سەربازیك کە پاسەوانی ( شارەزا کۆری)یەکانیان دەکرد ، کە ئەوکات خەریکی راکیشانی هالی ژیرزەمینی تیلەفۆن بوون لەهەلەبجە، ویستیان تەقە بکەن لە خەلکەکە، بەلاّم جەماوەر بواری ئەوەیان نەدا کارەکە بەپیچەوانە بشکیتەوەو دروشمی ( الجنود إخواننا صدام حسین عدواننا ) بەرزکردەوە. سەربازەکانیش رایان گەیان کە وان هەقیان نییە بەسەر خەلکەوەو، پاسەوانی شارەزا بیانییەکان دەکەن. لەگەل برینی هەر کۆلاّنو شەقامیکدا دەیانو سەدان لاوی بەگیان هاتوو، وەك رووبار دەرژانە نیو دەریای رك‌وبیزاری جەماوەرەوە. تۆفان ئاسا شەقامەکانیان دەبوونە بلنگۆی دەنگی زولاّلی جەماوەری زەحمەتکیش. لەشوین دەستفرۆشەکانی شاردا هەردوو بالی خۆپیشاندانەکە یەکانگیر بوون، دەست لەناو دەستو شان بەشان ووتیان بەرەو مۆلگەکانی ( ئاسایشو هەوالگریو سەربزگە). ئەوەی کە نویو تازە ئاشنا بوو، هاتنەناو لایەنگرانی ریکخستنی نهینی (ینك)و(پدك)و حسك‌و تەنانەت حشع‌یش بوو بەبیَ ئاگاداریو رەزامەندی پارتەکانیان. بەرز نەکردنەوەی دروشمی تایبەتی هیچ پارتیك‌و، یەکیتی ریزەکانی جەماوەر لەدەرەوەی سیاسەت‌و بەرنامەی پارتەکان، کە ئەوکات هیرشی چەکداری بۆ سەربنکەکانی رژیم لە لادیکان‌داو، ریگە خۆشکردن بۆ ویرانکردن‌و راگواستنی دیهاتەکان لەلایەن رژیمە هارەکەی بەعسەوە بوو. هیرشی جەماوەر لەگەل تەقەی دۆشکای سەر زریپۆش‌و بنکەکان رووبەروو بووەوە، کە تەواو زالبون بەسەر راستە شەقامەکەدا. لەویدا لاویك بەناوی مەریوان گیانی بەختکردوو چەند کەس بریندار بوون. ناچار خۆپیشاندەران تەرمەکەی مەریوان و بریندارەکانیان گواستەوە کانی عاشقان، بۆ دووبارە هیز کۆکردنەوەو خۆسازدانەوە. تەرمەکەی مەریوانیان خستە ناو تابووتیکەوەو پارچەیەکی سووریان‌دا بەسەر جەستەی خویناویداو، بە چەپکە گولی باخچەی مالاّن پەیتا پەیتا لەکۆلاّنەکاندا جەستەی گیانبازی مەریوانیان پیدەرازاندەوە. خۆپیشاندەران ئەمجار بەرەو شەهیدان، جەستەی کورە زەحمەتکیشیان کردە ئالاّو دەنگیان رساتر، ریزەکان فراوانترو بەگورتر، هەنگاوەکان خیراترو دەستەکان گرمۆلەتر. زۆربەی شار لە سەربازگەی زەمەقی‌یەوە تاوەکو مۆلگەکانی ئاسایش‌و ریکخراوو هەوالگریو سەربازگەی سەرووی شار لەدەست جەماوەردا بوون. چەکدارە هەلخەلەتاو بەکریگیراوەکانی رژیم کەخەلکی شارەکەو دەوروبەری شارەکە بوون، بەفەرمانی

پدكو ینكو حسك، بەسەركردەیی سەرۆك هوزەكانو خاوەن مولكەكان پیكهاتبوون. پارتەكان پیشبركیی هەرچی زۆرتر دروستكردنی ئەم ( أفواج خفیفە) انەیان دەكرد، كە لەناچاریو بیدەسەلاتییاندا لەبەرامبەر شەپۆلی توورەیی جەماوەر، بە تاكو بەكۆ دەهاتنە نیو خۆپیشاندانەكە یان لەمالی خۆیاندا كەناریان دەگرتو بیلایەنییان رادەگەیاند. خۆپیشاندەران لەلایەن زریپۆشیكەوە كە لەبەردەم ئامادەیی تیكەلاوی ئەحمەد موختاردا دامەزرابوون، تەقەیان لیكرا. ناچار لەبەرگەرمی هەوا تەرمەكەی مەریوانیان لەمزگەوتی( دار الإحسان) كفنكردو بەگول دایان پۆشی. لەم كاتەدا چەند كەس لەمینبەری مزگەوتەكەوە دروشمی كارگەری دەدا. هەوالی خۆپیشاندانی جەماوەری لە خورمالو سیروانو سەی سادەق راگەیینرا. وورەیەكی زۆری بەخشی بەجەماوەری راپەریو. جەماوەرەكە بەدەم گویرییلانو پشوودانەوە كۆلانەكانیان كۆنترۆل كردبوو. تیپیكی سەربازی كە لە زریپۆشەكە دابررابوون، بەدەم تەقەكردنەوە ویستیان در بە خەلكەكە بدەنو تیپەرن. دەستەی سەرپەرشتی خۆپیشاندان رایگەیاندبوو، نابیت ریگە بەكەس بدریت، كە تەقە لەسەربازەكان بكات. چەند كەسیكی گومان لیكراو وەك(عادلە خەجیو خەسرەوە لیكەو هیتر..) ویستیان تەقە لە سەربازەكان بكەن. دەستبەجی چەككرانو گوازرانەوە بۆ شوینی دیاریكراو لەگەل چەند كەسیتر، كە هەولی تیكدانی خۆپیشاندانەكەیان دابوو. ئەمانە چەكداری رژیم بوونو پەیوەست بووبوون بەخۆپیشاندانەكەوە. بەلام لەلایەن بەرگری جەماوەری توورەوە پیشیان لیگیرا. پاش بەرزكردنەوەی دروشمی ( كل الجنود إخواننا نظام بعث عدوانا) و پیشكەشكردنی چەپكە گۆل بەسەربازەكان. سەربازەكان ریانگەیاند كە ئەوان لەناچاریدا هاتوونو بەلینیاندا، كە تەقە لە جەماوەر نەكەنو وەك نیشانەی ئاشتی بەتەقەكردن تەپلی سەركەوتنیان بۆ جەماوەرلیدا. بەم شیوەیە تاوەكو ئیوارە شار نیوە ئازاد بوو. بریاری بەردەوامی خۆپیشاندانەكە لەرۆژی دواتردا درا. پاش نیوەرۆی چەند هیلی كۆپتەریك كەوتنە بۆمبارانی گەرەكەكانی كانی عاشقانو گولانی خوارو. هەوال بلاوبووەوە كە حەفتاوشەش بریندار لەخەستەخانە لەگەل خزمو چاودیرەكانیان دەست بەسەرن. بەم شیوە پیاوانی ر ژیم كەوتنە بلاوكردنەوەی ترسو نائۆمیدی. لەبەر ئەوەی كە خەلك بیجگە لەبەردو دەستە گرمۆلەكانیان چییان شك نەدەبرد. دەمەو ئیوارە هیلیكۆپتەریك لەئاسمانی شاردا وەدەركەوت. پاش

چەند سوورخواردنەوە، حەسەن بەگ(مستەشاری کۆنە پارتی) بەکوردی پەیامی رژیمی بۆ خەلکەکە خویندەوە، کە دەیووت "لەمالآن مەیینەدەرەوە، بەیانی لەشاردا(منع التجول)ە. هەرکەس سەرپیچی بکات سزادەدریت. حکومەت بەلینی داوە ئەوەی لەمالی خۆی دانیشیتو تیکەلآوی هیچ شتیك نەبیت، ئەوا سەلآمەت دەبیت. بەم شیوەیە حەسەن بەگو مستشارەکانیتر کەوتنەبەر لەشکری بێ ئەژماری رژیمو سەربازو کۆمەکیکی زۆریان هینا بۆ پیاوە دابراو ئابلوقە دراوەکانی رژیم لە مۆلگەکانی سەرووی شاردا. شەو داهات، هیشتا زۆر شوینی شار ئازاد بوون. هەر ئەو شەوە دەستەیەك پیشمەرگەی حشع لەشاردا بوونو ئامادە نەبوون، کۆمەك بەجەماوەر بکەن. لەبلندگۆی مزگەوتی گەورەوە، دەستەی خۆپشاندەران ووتاریان بۆ جەماوەر خویندەوە. هەمان شەو خەلکیکی زۆر لەو گەرەکانەی کە خۆپیشاندانیان تیدا بەرپاکرابوو بەرەو ئیران بەری کەوتن. لەناو ئەوخەلکانەشدا (مەلا عەلیو براکانی)*تیدا بوون. هەرچەندە هیچ مەلاو فەقییەك یان لاوە ریشنو توندروە موسولمانەکان لەناو خوپیشاندانەکەدا بەشدار نەبوونو خۆیان لەمال ئاخنی بوو. تەنیا لاوانی خویندکارو زەحمەتکیشی خوینگەرم بوون، کە لەخۆپیاندانەکانی ۱۹۷۹و۱۹۸۲دا بەشدابوو بوونو ئیستاش لەبری بانگی نیۆروان دروشمی کریکاران لەم شۆرشەدا هیچ لەدەست نادەن، بەلآم جیهانیك بەدەست دینن) لەبلنگۆی مزگەوتەکانەوە دەچری.

بەیانی رۆژی دوایی هەلسوراوانو دەستەی بەرپاکردنی خۆپیشاندانەکە یەك یەكو دوو دوو لەسەر کۆلانو شوینەکاندا دەردەکەوتن، بەلآم شار وەها چۆلو مات بوو، دەتووت دیوەزمەی مەرگ هەوالیکی ترسینەری بەگویی شاردا چرپاندووە. لەوە دەچوو لایەنە سیاسییەکانیش بەگویی ئەندامو لایەنگرانی خۆیاندا چرپاندبێ، کە بەشداری نەکەن. چونکە خۆپیشاندانەکە بە بانگەوازی هیچ یەك لەلایەنەکان بەرینەخرابوو، لەئاسۆو ئامانجەکانی وان واوەتر دەچوو. یەکەمجار بوو بزووتنەوەی جەماوەری پیی دەنایە مەیدانو، بەرەو سەرتاسەری بوونەوە هەنگاوی دەهاویشت. چەکدارە بەکیگیراوەکانیش کەبینییان تای تەرازوو بەولادا لارەسەنگ بووەتەوە، بایاندایەوە. ئەوانەش کە رایان گەیاندبوو، کە بە جەماوەرەوە پەیوەست بوون، شەوی پیشوو لەترشی هیرشی رژیم بەتایبەت (بلآوبوونەوەی هەوالی بیسەروشوین کردنی بریندارو چاودیرەکانیان لەنەخۆشخانەدا) بەرەو

ئیران. وورده وورده هەوالی پشکینیکی سەربازی بلاوبووەوە، کە گوایە بەوینەو ناوەوە لەدووی ریکخەرانی خۆپیشاندانەکە دەگەرین. لەگەرەکەکانی کانی عاشقانو گولانی خوارووەوە دەستیانکرد. بە دەرهاویشتنی خەلکەکە لەمالەکانداو تەقاندنەوەی خانووەکان بە(داینەمیت وتی ئین تی). گەرەکی کانی عاشقان، کە هەمیشە وەك ناوچەیەکی نیمچە ئازاد لەهەلەبجەدا، بەتایبەت شەوان کە لەژیر کۆنترۆلی رژیمدا نەدەماو، هەمیشە شوین حەشارگەی پیشمەرگەو، لانکی خۆپیشاندانەکان بوو. بەم جورە هەلسوراوانو هەلخرینەرانی خۆ پیشاندانەکە کەوتنەخۆ بەرەو هاوارە کۆنو هاواری تازە کە لەژیر کۆنترولی رژیمدا نەبوون. هاواری تازە کە دوینی لەژیرکارایی خۆپیشاندانەکەدا چەکدارە بەکریگیراوەکان دایانە دەستی هیزەکانی ینك) بەم شیوەیە لەئاکامی تیکشکانی راپەرینەدا، بەقۆزتنەوەی هەلەکە، زەمینە ساز بوو بۆ سەرهەلدانی بزووتنەوە ئیسلامی‌یەکان. لە پینەگرتنو ساوایی بزووتنە جەماوەری‌یەکەو ناجەماوەری بوونی سیاسەتو خواستی لایەنەکانی بزووتنەوەی چەکداری‌دا زەمینە لەباربوو بۆ تاقیکردنەوەی چەکە کۆمەلکوژەکانو تۆمارکردنی ترسناکترین کارەساتی سەردەم کە کوژاندنەوەی یەکەمین چەخماخەی شۆرشی بەرد بوو لەناوچەکەدا) کەخۆی لەخۆیدا نەریّ بوو بۆ بزووتنەوەی چەکداری ناسیونالیستی‌و هەولە بۆگەنەکانی کۆماری بۆرژوازی ئیسلامی ئیرانو سەرکوتگەرییەکانی رژیمە بۆرژوادرندەکەی بەعس.

*** مەلا عەلی، سالانی حەفتا کەپارتی بوو، فتوای لیسەندنەوەی هاوسەری پیشمەرگە شیوعیەکانی دەدا. پاشان لەسایەی رژیمی بەعسیشدا، دژایەتی چەپو شیوعیەکانی دەکردو، لەخوا دەپارایەوە خوا دەست بەبالی سەروەرانی کۆمەلگەوە بگریت. دواجار دوو پاسەوانی هەبوون لەچەکدارەکانی خالیدی خولەسوور و بەخۆشی دەمانچەی هەلدەگرت.**

**هاورییانی بەریز: لەبەر نەبوونی هیلی پۆستی کوردستان لەگەلّ دەرەوەو مەترسی لەتیرۆر و زیان گەیاندن بەکەسانی دیکە، نەمانتوانی ئادرەسیکی پۆستی بەدەست بخەین. دەکرێ ئیوەی دلسۆزو هاومەبەست لە هەمان ریگەوە کە دالیانتنان پیدەگات، ووتارو رەخنەو پیشنیارو کۆمەکەکانتان بەری بکەن. هەروەها داوا لەهاورییانی دانیشتووی دەرەوە دەکەین، ئەوگرفتەمان بۆ چارەسەر بکەن، بەدابینکردنی ناونیشانیکی پۆستی تایبەت.**